www.kurdistannet.org
28-9-2006 7:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەمەتەقێ ی فەلەک... بەڵێن ڕەواندوزی

فەلەك پێ ی ووتم بۆ گۆڕ
مەرگ ئەتگرێ بێ تۆڕ
خاك و ڕۆژیشت دوورن
لەتیشکی مانگ و لەخۆر

منیش پێم ووت لەناوچوون
لەگووم بوونا بۆ نەبوون
ئەبێ جیاوازیان چی بێ
لەسەر یان لەژێر خاك بوون

ووتی دەسا بی چێژە
نەمامی خەم بنێژە
هەتا لەدونیا ماووی
فرمێسك بەشتەبرێژە

ووتم چی ماوەنەی کەی
بێ ڕەحمی وا تاکو کەی
جەرگ و دڵمت داڕزان
لەبار نەما لەتیان کەی

جا ووتی بەنووکەنووك
بەسەرتا ناهێڵم تووك
خۆشیت ئەدەم بەتۆرا
خەمت بۆ ئەکەم بەبووك

منیش ووتم بێ هۆشم
کەی خۆشیم دیووی بنۆشم
ئیتر چاوەڕێ ی چی بم
چیت بۆ هێشتم بی پۆشم

جا ناوی خوای لێ بێنە
بەمەردی گورج بوەشێنە
کرنووش بۆ ژیانێك نابەم
کەخۆری تیا بێ تێنە

bellen 3@hotmail. com